# کێشەی سزادانی تاوانبارانی ئەنفال و هەڵوێستی سەرۆکایەتی کۆمار

نووسینی: دکتۆر ئازاد عوسمان/ بەرلین



لە حوزەیرانی ٢٠٠٧ دا دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بڕیاری سزادانی تاوانبارانی ئیدانەکراوی ئەنفالی دا، و لەسەرەتای مانگی ئەیلولیش دادگای تەمییزی عێراق حوکمەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی وەک خۆی پەسەندکرد، و بە پێی یاسا دەبوایە حوکمەکان لەماوەی (٣٠) ڕۆژ دا جێبەجێ کرابوان. بەڵام بەهۆی خۆتێهەڵکوتاندنی لایەنی عەرەبی سوننی – بەتایبەتی جێگری سەرکۆمار بەڕێز تارق هاشمی – بەپاساوی مەرجێکی باو لەسەردەمی بەعسی تۆتالیتێر، واتە مەرجی دەرچوونی مەرسومی کۆماری بوو جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان، هەرچەندە ئەمە لەگەڵ پرینسیپی لەیەکجوداکردنەوەی دەسەڵاتەکان واتە لەگەڵ ناوەڕۆکی ماددەی ٤٧ ی دەستوری هەمیشەیی عێراق دا ناگونجێت، هەروەها لەگەل پرینسیپی سەربەخۆیی دادوەریی (قەزا)، کە دەستوور لە هەردوو ماددەی ١٩ و ٨٧ یەکلایی کردووەتەوە، ڕێکناکەوێت!